# کـــــــــــــــۆچ

ئه‌وزاد مه‌حه‌مه‌د- که‌نه‌دا

وه‌ره‌ و مه‌ڕۆ,
خۆت ته‌سلیمی قه‌ده‌ر مه‌که‌ .
وه‌ره‌و دامه‌چۆڕێ
به‌ناو ئه‌م ئاسمانه‌ بێ بنه‌داو
خۆت له‌چاوی من وون مه‌که‌ .
خۆر ماویه‌تی
ده‌رگای شه‌وم بترازێنێ ,
مانگَ له‌ سه‌فه‌رێکی دووره‌ .
وه‌ره‌ و مه‌ڕۆ ,
ئه‌م شه‌وه‌م شه‌وی یه‌ڵدایه‌
له‌به‌ر ڕۆشنایی چاوی تۆ
هه‌نگاوه‌کانم هه‌ڵده‌گرم .
گه‌ر تۆ نه‌بی
توشی ده‌یان هه‌ڵدێر ئه‌بم .

هه ر دوێنێ بوو ,

له‌گه‌ڵ فریشته‌یه‌کا

هاتیته  به‌ر په‌نجه‌ره‌که‌م ,

کلیلی به‌ختت دایه  ده‌ستم و

سواری پشتی په‌پوله‌یه‌کت کردم ,

وتت برۆ به‌هه‌ره‌مه‌ندبه  له  به‌هه‌شتی خوا !

که‌چی ئێستا , مات و بێ ده‌نگَ

خۆت داوه‌ته  ده‌ست

سه‌فه‌رێکی یه‌کجاره‌کی و

گۆرانی یه‌کی ماڵ ئاوایت

بۆ جێ هێشتوم .

وه‌ره و مه‌ڕۆ

ئه‌م شه‌وه‌م شه‌وی یه‌ڵدایه  و

خۆر ماویه‌تی

ده‌رگای شه‌وم بترازێنێ و

مانگَ له  سه‌فه‌رێکی دووره

وه‌ره و مه‌ڕۆ .